# گوزەرێك بە نێو هەناسە شەرابییەکانی هیوا قادر



نوری بێخاڵی 28-07-2008

**شیلەی ژیان لە شیعر دەتکێ!!**
**گوزەرێك بە نێو هەناسە شەرابییەکانی هیوا قادر**

**شیعر چ نییە، جگە لە هەنگاونان بەسەر تەنافێك جوانیدا...رۆمانی بەفر – فێرمێن**

ئەدەبی نامەنووسین ژانرێکە پڕ لە داهێنان و نوێبوونەوە، سیحری ئەوەی کە تا ئەو چرکەیەش، تەنانەت هۆیەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووش نەیانتوانیوە لە گرنگی ئەو ژانرە ئەدەبییە کەم بکەنەوە، لە بەهای ستاتیکی و خەیاڵی فراوانی جوانناسی شاعیرانەی دایە، بەداخەوە لەناو ئەدەبی کوردیدا و لەو بواردەدا ئەگەر نەڵێین شتێکمان نییە بەو ناوە، بەڵام تا ئەوپەڕیش دەستکورت و هەژارین، هەندێ هەوڵی سادە و سەرەتایی سی و چلەکانی سەدەی بیستەم و سەردەمی گۆڤاری (گەلاوێژ)ی لێبترازێ، شتێکی ئەوتۆ بەدی ناکەین، لە کاتێکدا لە ئەدەبی گەلانی دونیا و بەتایبەتی هی دەوروبەرمان و بە تایبەتتریش لە نێو عەرەبدا لەو بوارەدا شاکار و ناوی دیار دەرکەوتوون و هەن.

بە گوێرەی زۆرێك لە بۆچوونەکان، ئەو ژانرە بە یەکێك لە داهێنانە دانسقە و بەهادارەکان دادەنرێ، کە مرۆڤایەتی پەی بە داهێنانی بردووە، بۆیەشە کە سەیری دەکەین لەگەڵ کۆی زەمەنەکان نما و باڵای کردووە و تا دێتیش زێدەتر رۆدەچێتە هەناوی ژیان و پەیوەندییەکان. وەك دەڵێن "بایەخی نامەکان بەردەوام لەو هەواڵە نهێنی و شاراوە و نەزانراوانە دایە، کە لە

دوورەوە پێمان دەگەن"..هەمیشە و لە دووبارە و چەند بارە بوونەوەشیدا نامە نهێنییەکی نوێی پێیە، هەواڵێکی نادیاری سۆراخکراوی لە هەناویدا هەڵگرتووە، تەنانەت زۆرێك لە نامەکان مرۆڤ ناچار بە خەون بینین دەکەن، ئیدی ئامادەیی خەونیش لە زەین و یادەوەری مرۆڤدا، بەردەوام ئومێدێکی بۆ ژیان و مانەوە پی ٙ دەبەخشن، کەوابێت خودی نامە خۆی فاکتەرێکی دیکەی بەخشینەوەی هەناسەکانی ژیان و مانەوەیە بە بەرامبەر .

هەمیشە دەقە ئەدەبییەکانی نامەنووسین لێوڕێژن لە خەونی ڕەنگاڵەیی ژیان و جوانی و نوێبوونەوە، پڕن لە هەستی شاعیرانەی ناسکی ئاوێتە بە سۆزی مرۆییانە، لێوانلێون لە نەغمە و نەشئە و ریتم، ئاوێتەیەکن لە بۆن و بەرامە و جوانی و ئاواز و مەستی، کەسێك..قەڵەمێکیش، کە توانای بەسەر ئەو هێزە شاراوەیەدا بشکی ٙ، ئەوانەن کە بەردەوام لە ناوەوەیاندا تروسکاییەك روناکی بۆ عەشق هەیە، ئەوانەن لە خەڵوەتی زاهیدانەی دونیای شیعردا نغرۆی نێو جوانی ڕەنگ و ژیان و بەها ستاتیکیەکان بوونە، ئەوانەن کە هونەرمەندی دەستڕەنگینن، ئاخر خودی هونەر کوتلەیەکە لە عیشق و شیعر و ئاواز و نەغمە و چێژ، هەر لەم ئاستانەیەشدا ئەدەبی نامەنووسی ئەو قسەیەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە، کە دەڵی ٙ "دەیان هەزار ڕێگا هەیە بۆ نیگار کێشان، دەیان هەزار شێوازیش بۆ شیعر گوتن..رۆمانی بەفر – فێرمین."

ئی ٙ ئەگەر شێوازەکانی شیعر گووتن هەمەجۆر نەبوان، ئەگەر هەناسەکانی دەربڕینی شیعری هەمەچەشن نەبوان، ئەگەر ڕەنگ و ریتم ڕێژی لە شیعردا جیاواز نەبووان، کەسێك تا ئێستا دوا قفڵی لە دەرگا و پەنجەرەی ماڵی شیعر دەدا و شوێن بۆ دیوانێکی دی نەدەمایەوە..نامەی ئەدەبیش هێندەی لە فۆرمی پەخشاندا وەك روخسار خۆی نمایش دەکات، ئەوەندە و زیاتریش لە ناوەڕۆکدا بە هەناسەی شیعر بارگاوییە و ئاوێتەیە لە هەستی جوانی ناسی شاعیرانە و تژیە لە خەیاڵ و خەون بینین و وێنەی هونەری سەرنج ڕاکێش، کە تا درەنگانێك و کاتێکی دوور مەودا لە یادەوەری مرۆڤدا دەمێننەوە.

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین نووسەر لە توێی ئەو نامانەیدا و لە ڕێی بەکارهێنای راناوە هەمەجۆرەکانەوە خۆی دەنووسێتەوە و لە ڕێگەی دەستەواژەکانەوە پیاسەیەکمان بۆ نێو دونیای ناوەوەی خۆی پی ٙ دەکات، بەڵام مەرج نییە بەردەوام پەی بە خودێتی نووسەر ببەین لەو دەقانەدا، وەك (هیوا قادر) دەڵی ٙ: "هەرگیز هەوڵ مەدە من لە ناو چەند دێڕێکدا تەعریفبکەیت و ناوی بنێیت ناسینی من". ڕەنگە زۆرجاریش بی ٙ ئەوەی یەکتریمان ناسیبی ٙ هەست بەوە بکەین خۆمان کاراکتەرێکی نێو دەقەکەین، ئەو نامە و دەقانەی لێدەرچی ٙ کە لە هەناوی پرۆسەی عیشقی نووسەرەوە هەڵقوڵاون، ئەو نامانەی دواجار بۆ کەسێکی دیاریکراو نووسیونی .

لە ئەدەبی نامەنووسیندا ئەوە خودی ناوەوە و ڕاستەقینەی کەسەکەیە دێتە دوان، لەوێدا دەکری ٙ زۆر لە کۆدە شاراوە و نهێنییە نادیارەکانی ئەو خودە بگەین، لە تێڕوانینی بۆ ژیان و سروشت و جوانی و مرۆڤ، لە خوێندنەوەی بۆ دیاردە و دەرکەوتەکان، لە مامەڵەی لەگەڵ وشە و ریتم و ڕەنگڕێژی.

)بۆنی شەڕاب لە هەناسەم دی ٙ)، ئەو باخچە ڕەنگینەی دەستی (هیوا قادر و سەحەر ڕەسایی)ن، کە پڕیانە لە بەرامەی عیشق و شیلەی مەستی..شیعرییەت و خەیاڵیان لی ٙ دەچۆڕی ٙ، نامەکانی هیوا وێڕای گێڕانەوەی ئەزموون و یادەوەرییە تایبەتییەکانی عیشقی لەگەڵ سەحەردا، بەڵام ڕەنگە هەریەکێکمان و بە جۆرێك خۆمانی لە نێودا بدۆزینەوە، بەتایبەتی لەو نامانەی تیایاندا بە ئاماژە قسە لەسەر تابۆکانی کۆمەڵگا و ئەزموونە تاڵەکانی کورد دەکات، یان کاتێك دێتە سەر قسەکردن لە تەنهایی و غوربەت، لەویادا تێدەگەین کە ئەو هەناسانەی هیوا چەندە ڕاستگۆن لەگەڵ دەربڕینەکانیدا.

نامەیەکی هیوا لەو (25) نامەیە نادۆزیتەوە تیایدا نەشئەی شەڕاب و نەغمەی مۆسیقا و شنەبای خەیاڵی شاعیرانە و هەستی ئیستاتیکی هونەری تێدا ئاوێتەی یەکتر نەبووبن، کە بەڕای من ئەوەیان بەیەکەوە کێشانی هێڵ و گرافیکی هونەری عیشقن، چوون عیشق لە بنەڕەتدا کوتلەیەکە لەو هەست و سۆزە ئینسانیانەی کە شیعر و مۆسیقا و شەراب و خەون بینین تێیدا ئاوێتە دەبن..هیوا بەو هەنگاوەی لەتەك (سەفەرنامە)دا بە ژانرێکی جوان ئاشنای کردینەوە، ژانرێك تۆزی مێژوو لە شانی دەتکیِ، دەکریَ (بۆنی شەڕاب) بکرێتە سەرلەنویِ دەستپێکردنەوەی سەفەری عاشقەکان، سەفەری ئەو نامانەی پڕیانە لە چیرۆکی ژیان و خەون بینین و تەمەننا.
ئەوە تەنها بیرخستنەوە و راگوزەرێکی خێرا بوو بە نێو دونیای ئەدەبی نامەنووسین و دەکریِ لە ئاییندەدا وردتر لەسەر دال و مەدلول و موفرەدەکانی نێو (بۆنی شەراب لە هەناسەم دیِ) قسە بکەین، تا ئەو کات بە جوانی شیعر و نەشئەی شەراب و ریتمی مۆسیقا و شنەی عیشق دەتانسپێرم .